المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# گوتەی زمانی لە ئەنجامدانی کردەی تاوانی زمانیدا

**د. چیا عەلی مستەفا**
**زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زمانی کوردی،**
chya.ali@uor.edu.krd
**د. بروا ڕەسول ئەحمەد**
**زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زمانی کوردی،**
brwa@uor.edu.krd

## 1. پێشەکی:

مرۆڤ بەهۆی زمانەوە چالاکی و پێویستییەکانی ڕۆژانەی جێبەجێدەکات، یاساش وەک ڕێکخەری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی پەیوەندی بە مرۆڤ و زمانەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە بواری زمانەوانی کارەکییەوە کە زمانەوانی یاسایی (Forensic Linguistics) بەشێکە لێی. توێژینەوەکە لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە، کە پشت بە بەکارهێنانی زمان دەبەستن لە ئەنجامدانی تاوانی زمانی (Language Crimes). یاسا تاوانە زمانیەکان لە یاسای تاوانەکاندا وەک دیاردەیەکی هاوبەشی زمانەوانی-یاسایی سەیردەکات. زمانەوانی یاسایی بەیەکەوە گرێدانی گوتاری هاوبەشی زمانە لە نێوان (دادوەر، یاسا، تاوان). دابەشبونێکە لە نێوان تاوان و یاسا لە لایەك و خودی بەکارهێنانی زمان لە لایەکیتر. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ گوزارشتکردن لە زمان لەم دو بارەدا:

- زمان، وەك بەڵگەنامەیەك لە لایەن (پارێزەرەر، دادوەر، ...) بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە تاوان بەکاردێت.
- زمان، خۆی تاوانبارە، وەك (پەیامی فڕاندن، تاوانی ئەلکترۆنی، فشاری زمانی، هەڕەشە و تیرۆر، هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان، گێچەڵی سێکسی، ...).

### الخطاب اللغوي في ارتكاب الفعل الجرمي اللغوي

**الملخص:**
اللغة هي أداة عملية التواصل وجزء من النشاط البشري، والقانون هو أحد المجالات الأكثر ارتباطًا بالإنسان واللغة. تندرج هذه الدراسة ضمن مجال "اللسانيات الجنائية" (Forensic Linguistics)، وتسلط الضوء على الجرائم التي تعتمد أساسًا على استخدام اللغة في ارتكاب الجريمة اللغوية. تتناول الدراسة الجرائم اللغوية في القانون الجنائي بوصفها ظاهرة لغوية-قانونية مشتركة. فاللسانيات الجنائية هي خطاب يجمع اللغة مع (القاضي، القانون، الجريمة)، وهي حلقة وصل بين الجريمة والقانون من جهة، واستخدام اللغة من جهة أخرى. اللغة هي الأداة التنظيمية للوثائق القانونية وتُستخدم لتوضيحها وتحليلها، أو قد تكون اللغة هي موضوع القضية القانونية ذاتها. وفي كلتا الحالتين:

1. تُستخدم اللغة كوثيقة من قبل (المحامي، القاضي، ...) للتحقيق في الجريمة.
2. اللغة نفسها هي الجاني، كما في (رسائل الاختطاف، الجرائم الإلكترونية، الضغط اللغوي، التهديد والإرهاب، التحريض، التحرش الجنسي، ...). يركز البحث على أنواع وخصائص الجرائم اللغوية دون الخوض في الإجراءات والعقوبات، كون مجال الدراسة لغويًا، ولأن تحديد الجريمة يسبق العقوبة وهو الأكثر أهمية. في هذه الدراسة، يُعتبر كل تعبير لغوي (منطوق، مكتوب، مرئي) خطاباً، حتى وإن كان كلمة واحدة أو "إيموجي".

**يسعى البحث للإجابة على التساؤلات التالية:** في العلاقة بين اللغة والجريمة، كيف تتحول أفعال الكلام إلى أفعال إجرامية قانونية؟

- كيف يحدد المحلل اللغوي الجنائي حدود الجريمة اللغوية؟
- هل يؤدي الاختلاف في فهم اللهجات إلى ارتكاب جريمة لغوية؟

تتبع الدراسة المنهج (الوصفي التحليلي). ولا يعتمد التحليل على المعنى الدلالي (Semantic) فحسب، بل يتبع النظرية التداولية (Pragmatic)؛ لأن المنهج التداولي يتيح فهماً أدق للقصد الجنائي.

**هدف البحث:** إبراز دور التحليل اللغوي القانوني عند تحليل النصوص اللغوية المتعلقة بإثبات الجريمة اللغوية أو البراءة منها. **مشكلة البحث:** تكمن في تحديد العبارات الصادرة (المنطوقة والمكتوبة) وما إذا كانت تشكل جريمة لغوية أم أنها بريئة.

**الكلمات المفتاحية:** الجريمة اللغوية ـ التحليل اللغوي ـ الضغط اللغوي ـ الاستسلام اللغوي ـ التسلط اللغوي.

## Linguistic Discourse in the Commission of Linguistic Criminal Acts

**Abstract:**

Language is the fundamental tool of communication and a core element of human activity, while law is one of the fields most closely intertwined with both humanity and language. This research falls within the scope of **Forensic Linguistics**, focusing on crimes that primarily rely on the use of language. It examines linguistic crimes in criminal law as a shared socio-legal and linguistic phenomenon. Forensic linguistics serves as a discourse that bridges language with the judiciary, law, and crime, representing a nexus between legal frameworks and linguistic performance. Language functions either as a regulatory tool for legal documentation and analysis or as the very corpus of a legal case. In both instances:

1. Language is used as evidence by legal professionals (lawyers, judges, etc.) to investigate crimes.
2. Language itself is the instrument of the crime, such as in ransom notes, cybercrimes, linguistic coercion, threats, incitement, and sexual harassment.

The study emphasizes the types and characteristics of linguistic crimes rather than legal procedures or penalties, as the primary objective is linguistic identification, which logically precedes judicial sentencing. In this research, any linguistic expression (spoken, written, or visual)—even a single word or an emoji—is treated as discourse.

**The research seeks to address the following questions:**

- How do "speech acts" transform into legal "criminal acts" within the relationship between language and crime?
- How does a forensic linguist define the boundaries of a linguistic crime?
- Can dialectal misunderstandings lead to the commission of a linguistic crime?

The study adopts a **descriptive-analytical approach**. The analysis transcends mere semantic meaning, employing **Pragmatic Theory** to gain a deeper understanding of criminal intent.

### 1-1 ناونیشانی توێژینەوەکە:

بریتیه لە (گوتەی زمانی لە ئەنجامدانی کردەی تاوانی زمانیدا) لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی یاساییە ( Forensic Linguistics) شیکاری ڕەفتاری تاوانکاری زمانە. زمان ڕۆڵی کارا دەبینێت لە ئەنجامدانی تاواندا. توێژینەوەکە جەخت لە جۆر و تایبەتمەندی تاوانە زمانییەکان دەکاتەوە و ناچێتە ناو ئەو ڕێکار و سزایانەی، کە بۆ تاوانەکان دادەنرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بواری توێژینەوەکە زمانەوانییە و بەر لە سزاش دیاریکردنی تاوان گرنگترە. لەم توێژینەوەیەدا هەمو دەربڕینێکی زمانی (گوتراو، نوسراو، پیشاندراو)، ئەگەر وشەیەک، یان ئیمۆجیەکیش بێت بە گوتار ئەژمارکراوە.

**2-1 گرنگی توێژینەوەکە:**

ناساندن و ڕونکردنەوەی چەمکی تاوانی زمانی و دیاریکردنی سنورەکانی و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی، گرنگیدان بە ڕۆڵی پێکهاتەی زمانەوانی، واتاسازی پراگماتیک لە دیاریکردنی مەبەستی تاوانکاری و پۆلێنکردنی کردەوە تاوانکارییەکە.

شیکاری دەستنیشانکردن و دیاریکردنی تاوانی زمان، تەنیا لەسەر بنەمای پێکهاتە ڕۆنانی (ڕۆنانکارەکان) نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای شیکاریی پراگماتیکی گوتەکانە پەیوەست بە سیاقی بەکارهێنان، وەک لە تاوانەکانی (ناوزڕاندن، هەڕەشە، هاندان، قسەی ڕقاویدا....).

**3-1 ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی تیۆری دیاریکردنی تاوانی زمانیە، پەیڕەوی ڕێبازی پەسنی-شیکاری (وصفي تحليلي) دەکات. لە شیکردنەوەدا تەنیا پشت بەواتای سیمانتیکی نابەسترێت، بەڵکو پەیڕەوەی تیۆری پراگماتیکی دەکرێت. لەبەر ئەوەی پەیڕەوەی ڕێبازی پراگماتیک ڕێگە بە تێگەیشتنێکی وردتر لە مەبەستی تاوانکاری دەدات. لێرەدا پراگماتیک وەک تیۆر و وەک ڕێباز سودی لێوەرگیراوە.

**4-1 پرسیاری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

لە پەیوەندی نێوان زمان و تاواندا، ئایا چۆن کردارەکانی ئاخاوتن دەبنە کردەوەی تاوانکاریی یاسایی؟

ئایا چۆن سنوری تاوانی زمانی لای شیکەرەوەی زمانەوانی یاسایی دیاریدەکرێت؟

ئایا جیاوازی تێگەیشتن لە شێوەزاردا دەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی زمانی؟

**5-1 پێشنیازی توێژینەوەکە:**

ئایا لە یاسادا جیاوازی لە ئەنجامدانی تاوانی زمانی دەبێتە هۆی جیاوازی سزادان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە توێژینەوەی دیکە هەیە، کە کار لەسەر بەڵگە تاوانییەکان بکات، بە پشت بەستن بە گوتە زمانییەکان.

**6-1 ئامانجی توێژینەوەکە:**

بەدیارخستنی ڕۆڵی شیکاریی یاسایی زمانیە لەکاتی شیکردنەونەی دەقی زمانی سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی زمانی یان بێتاوانی زمانی.

تاوانی زمانی هۆکاری سەرهەڵدانی تاوانی فیزیکییە، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەوە ڕونبکاتەوە، کە هەمو تاوانێکی فیزیکی کۆمەڵایەتی لە تاوانی زمانییەوە دەستپێدەکات.

**7-1 گرفتی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی گوتە دەربڕاوەکان (گوتراو، نوسراو)، کە ئایا تاوانی زمانی پێ ئەنجامدراوە یان بێتاوانە.

**8-1 ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەرۆکی توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، لە چەند تەوەر و سەرەباسێکدا چەمک و پێناسەی هەر یەک لە زمانەوانی یاسایی، شیکاریی گوتاری یاسایی، گوتاری تاوان، تاوانی زمانی دەخاتەڕو و تایبەتمەندی و سروشتی هەر چەمکێک ڕوندەکاتەوە، دوای ئەوە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم گوتارانە لە کردەی تاوانی زمانیدا بەرجەستەدەکات و لە دواییدا تاوانە زمانییە جۆراوجۆرەکان پۆلێندەکات و بە نمونەی ڕۆژانەی ئاخاوتنی ئاسایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاوانەکان دیاریدەکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی ئینگلیزی خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:**
تاوانی زمانی - شیکاری زمانی - فشاری زمانی - خۆبەدەستەوەدانی زمانی - دەسەڵاتخوازی زمانی

## 2. پێداچونەوە بە کارەکانی پێشتر:

لە پەرتوكی (اللسانيات الجنائية: تعريفها، ومجالاتها، وتطبيقاتها، أ. د. صالح بن فهد العصيمي)، کە پەرتوکێکی زمانەوانی یاساییە، باس لە ڕۆڵی زمان (نوسراو، گوتراو) و ژینگەی زمانی دەکات لە پرۆسەی لێکۆلینەوە و دادگادا، تاوان دابەشدەکات بۆ (زمان خۆی تاوانبارە - زمان بەشێکە لە تاوان) لە تاوانی زمانیدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە زمان خۆی تاوانبارە، لە هەمان کاتیشدا زمان بەڵگەیەکە بە کاردێت بۆ ئاشکراکردنی تاوانبار، لە ڕێگەی (شیکردنەوەی زمانی، پەنجەمۆری زمانی، پاسپۆرتی زمانی و بەڵگەی زمانی). چەند جۆرێك لە تاوانی زمانی دیاریدەکات لەوانە (هەڕەشە و تیرۆر، بوختان و ناوزڕاندن، ڕەگەزپەرستی، دەستدرێژی سێکسی و تاوانی سێکسی، ...) دواتر باس لە تاوانی ئەلکترۆنی دەکات وەك بەشێك لە تاوانی زمانی هەژماری دەکات.

توێژەران (دنيا بوقلمون – احلام اومدور) لە ماسترنامەی (اللسانيات الجنائية و دور في حل لغز الجريمة) ماستەرنامەیەکە لە بواری زمانەوانی یاسایی ڕۆلی زمان لە ئاشکراکردنی تاوانبار بەدیاردەخات، بەشێکی نامەکە تایبەتە بە تاوانی ئەلکترۆنی لە سۆشیال میدیا و ئەپەکانی پەیوەندیکردن و پەیوەندیان بە تاوان (تاوانی ئەلکترۆنی) کە زمان تیایدا تاوانبارە. باس لە (پەنجەمۆری زمانی) دەکات و ڕۆڵ و گرنگی بەدیاردەخات لە ئاشکراکردنی تاوانبار، لە تاوانە زمانیەکاندا، چەند جۆرە تاوانێك دەستنیشان دەکات وەك دزینی کەسیەتی، (واتە بەکارهێنانی وێنە و ناو و نازناوی کەسێک لەلایەن یەکێکی دیکەوە، بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری خۆی) دزینی لۆگۆی کۆمپانیاکانی بازرگانی، تاوان دژی دامەزراوە و دەزگاکان، تیرۆر و هەرەشەی تیرۆری، بوختان و سوکایەتی پێکردن)، هەروەها باس لە زمانی ئیمۆجی و وێنە دەکات، کە لە توانایان دایە ڕۆڵی تاوان بگێرن.

توێژەر (أمبارك بن مصطفى) لە توێژینەوەی (اللسانيات القانونية – دراسة في المفهوم والمجال) لێکۆلینەوەیەکە لە (زمانەوانی یاسایی) لە باسی تاوانە زمانیەکاندا، سەرەتا ناساندنێك بۆ تاوانە زمانیەکان دەکات و چەند تاوانێك، لە تاوانە زمانیەکان وەك (بوختان و ناوزڕاندن، دزینی زانستی پەیوەست بە دزی و پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتی هزری و ئەکادیمی، هەرەشە و تیرۆر) بە نمونە دیاریدەکات، پاشان ڕونیدەکاتەوە، کە زمان بەڵگەیەکی زمانی یاساییە لە دۆزینەوەی تۆمەتبار لە ڕێگەی شیکردنەوەی گوتە ناردراوەکانی تاوانباران (زارەکی و نوسراو) ڕۆڵدەگێرێت، لە ڕێگەی (ئیمەیل و پەیوەندیی تەلەفۆنی) لە کۆتاییدا ڕونکرنەوە لە سەر ڕۆڵی یاسا دەدات لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان.

## 3. زمانەوانی یاسایی:

پەیوەندی نێوان زمان و یاسا، زیاتر لە پەیوەندیەکە، لە لایەك (تاوان، یاسا، دادگا، ماف،...) لە لایەکی دیکە بەکارهێنانی زمانە (گوتار) دواتر پەیوەندیی نێوان شیکاری زمانی و یاسایە. هاوبەشپێکردنی زمانە لەگەڵ (یاسا، تاوان) بە جۆرێك، کە شیکاریی زمانی مەودایەکی فراوانی هەیە لە بواری (بەڵگەنامەی یاسایی، لێکۆینەوەی یاسایی، تاوان، بڕیاری دادوەر،...). زمان کەرەستەی داڕشتنی بڕیار و بەڵگەنامەی یاساییە، یان خودی زمان بابەتی دۆسیەیەکی تاوانی یاساییە. لە هەر دو بارەکەدا:

1. زمان، وەك بەڵگەنامەیەك لە لایەن (پارێزەر، دادوەر، دادگا، لێکۆڵەر،...) بەکاردەهێنرێت. لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی یاسایی (legal linguis) دەرئەنجامی ڕۆنان و بەکارهێنانی دەقە یاساییەکانە. واتە داڕشتنی ڕۆنانی دەقە یاساییەکان لە بۆتەی زمانی و ڕێزمانی زمانی فەرمی و لێکدانەوەی واتایی، دواتر بەکارهێنانی زمان لە پرۆسەی دادوەریدا.
2. زمان، خۆی تاوانبارە. وەك (پەیامی فراندن، تاوانی ئەلکترۆنی، هەرەشە و تیرۆر، فشاری زمانی، تەشهر و جنێودان،...). (صالح بن فهد، 2020, 24).

لە بنەڕەتدا یاسا بریتیە لە زمان، بەکارهێنان و شیکاری گوتەی زمانی یاساییە (نوسراو و گوتراو)[1] پرۆسەی بەکارهێنان و شیکاری دەق (Text) و گوتەی (Utterance) زمانیە لە گوتاری یاساییدا، چۆنیەتی (Qualitative) و چەندێتی (Quantitative) بەکارهێنانی زمانەوانی یاساییە، لە کردەی پەیوەندیکردنی یاسایی (Communicative[2]

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

(League Act) لە کاتی بەڕێوە چونی پرۆسەی دادوەریدا (legal process) لە سیاقی یاسایی بۆ ڕاپەڕاندنی کردەیەکی قسەیی (Speech acts) لە گوتاری یاساییدا(Legal discourse[3]) بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کردەی بڕیاردان بە تاوانبارکردن یان بێتاوانی. زمانەوانی یاسایی (Forensic Linguistics) بە بۆچونی ئاشر (Asher) لقێکە لە زمانەوانی کارەکی (Applied linguistics) زانستێکە لێکۆلینەوە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی کۆدی زمانی لە ڕودانی تاوان دەکات, بە ئامانجی ناسینەوە و دەستنیشانکردنی تاوانبار. بەیەکەوە بەستنی زمانەوانی کارەکی، کە کۆی زانستەکان لەخۆ دەگرێت و زمانەوانی یاساییش و زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەشێکن لە زانستەکە و بەستنەوەی بە دۆخێکی کۆمەڵایەتی یاسایی و تاوان، کە زمان بەشێکە لە تاوان و کەرەستەی دۆزینەوەی تاوانبارەیشە. زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) لێکۆلینەوەی زمانەوانیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (ئاستی کۆمەڵایەتی، پیشە، دیالێکت، ڕەگەز، تەمەن، ئاین،...) پەیوەستە بە (پێکهاتەی زمانی و بەکارهێنانی زمانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان .( )أحمد بن خضر ذاخر المالكي، 2021، 1307) **پەیوەندیی نیوان زمانەوانی یاسایی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی** پەیوەندی (گرتنەوەیە) زمانەوانی یاسایی شیکاری کۆد و داتای زمانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەکات، تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە سیستەمە زمانەوانی و هێمابۆکراوەکان، کە لە شیکاری گوتاردا بەکاردەهێنرێن بە ئامانجی گەیشتن بە تۆمەتبار. لە ئاستێکیتر یاسا لە ڕێگەی زمانەوە دەسەڵات بەکاردێنێت، زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە یاساش دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردنە، بڕیارەکانیش بڕیاری پابەندین (ئیلزامین) لەم بارەدا هێزی زمان هێز دەدات بە یاسا. لە لایەکیتر زمان پرسێکی گرنگە لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەت لە بەدەستهێنانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، زمان بنیاتی مەعریفە و ڕۆشنبیری ڕەفتاری تاکە لە کۆمەڵگادا، لەم بارەدا جیاوازیی زمانی بەکارهاتو دەبێتە هۆی جیاوازی لە ڕەفتار، واتە ئاخاوتن دیاریکەری چوارچێوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیە، وشە و دەستەواژە زمانییە بەکارهاتوەکان هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دیاریدەکەن. بەڕای سوسێر (ئاخاوتن تەواو بابەتێکی تاکیە، بەڵام زمان بابەتێکی کۆمەڵایەتیە) (هدسن، 1927, 167) لەم بارەدا ئاخاوتن بریتیە لە چالاکیەکی کۆمەڵایەتی ( Social Interaction) تاك و کردەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات، تەنیا پەیوەست نابێت بەڕەفتاری تاك، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەڕەفتاری تاك لە کۆمەڵگادا، بەشێکن لە زانستی دەرونی کۆمەڵایەتی (Social Psychology) واتە، ڕەفتاری تاك بەشێکە لە دیالێکتی تاك و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش بەشێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی. **پەیوەندی نێوان زمان، دەرون، کۆمەڵگا، تاوان** پەیوەندیەکی تێکهەڵکێشە، کاتێك زمانی بەکارهاتو ببێتە هۆی ڕاپەڕاندنی کردەی قسەیی چەمکی نەرێنی (Negative) لە چالاکی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕێنێ لەسەر تاك یان کۆمەڵ و ببێتە هۆکاری گۆڕانی ڕەفتار و ئەنجامدانی تاوان، کە زمان خۆی تاوانبارە یان بەشدارە لە ئەنجامدانی تاواندا. لەم بارەدا زمانەوانی یاسایی شیکاری گوتە زمانیەکان (نوسراو، گوتراو) لە واتا و لێکەوتەی نەرێنی دەرونی دەکات. پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئایا گوتەی بەکارهاتو بۆتە هۆی گۆڕانی ڕەفتار و ئەنجامدانی تاوان؟ وەك لە کردە قسەییەکانی (هاندان، بوختانکردن، فێڵکردن و درۆکردن،...).

بەڕای کۆپۆسۆڤ (Koposov) زانستێکە لێکۆڵینەوە، لە شیکردنەوەی دەقی نوسراو و گوتەی پەیوەست بە تاوان و ناکۆکی یاسایی و بابەتەکانی پەیوەست بە ڕێکارەکانی پرۆسەی دادگاییکردن یان بابەتەکانی پەیوەست بە زمان و یاسا دەکات. بریتان (Brennan) پێی وایە جیاوازی تێگەیشتن لە چەمکەکەدا هەیە, هەندێك لە بەکارهێنانی تەکنیک و تیۆری زمانی کورتی دەکەنەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی، کە تێیدا داتای زمانی بەشێك لە بەڵگەکان پێکدەهێنن، جا تاوانکاری بێت یان مەدەنی، کە لە تاوانەکە یان ناکۆکیەکەدا بەکاردێت. هەندێك لە توێژەرانیش بۆچونیان وایە، کە بێجگە لە هەمو ئەوانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوە لە هەمو بابەتێکی پەیوەندیدار لە نێوان زمان و یاسادا دەکات. (عبدالمجيد طيب عمر، 2007، 276). لە لێکۆلینەوەی یاساییدا پەیوەندی نێوان زمان و زمانەوانی یاسایی لە دو ئاستدایە:

1- ئاستی ڕێکارە یاساییەکانی لێکۆلینەوە.
2- زمانەوانی یاسایی (شیکاری زمانی بەکارهاتو)

لە لێکۆلینەوەی یاساییدا، زمانەوانی یاسایی کار لەسەر شیکاری گوتەی زمانی بازنەی لێکۆلینەوە دەکات، بە مەبەستی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن بڕیاردان لەسەر تاوانبارکردن و سزادانی یان سەلماندنی بێتاوانی. بازنەی لێکۆلینەوە لە لێکۆلینەوەی یاسایی و پرۆسەی دادگاییکردندا بازنەیەکی فراوانە. زمانەوانی یاسایی کار لەسەر شیکاری گشت گوتاری بازنەی لێکۆڵینەوە و پرۆسەی دادگاییکردن دەکات، لەوانە:

- گوتاری لێکۆڵەر و ڕاپۆرتی پۆلیسی لە شوێنی ئەنجامدانی تاوان و ڕوداودا.

- گوتاری لێکۆڵەی پۆلیسی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار.
- گوتاری لێکۆڵەی دادوەری لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار.
- گوتاری نێوان پارێزەران لەگەڵ تۆمەتباران و دادوەر.
- گوتار و بڕیاری دادوەر.
- گوتاری بەشداربوانی (شاهید، ئاگادارکەرەوە، تۆمەتبار، تاوانبار،...)
- گوتاری دەقە یاساییەکان.
- هەمو ئەو گوتارانەی پەیوەندارن بە پرۆسەی دادگایکردن.

## 4. شیکاریی گوتاری یاسایی:

دەقە یاساییەکان بە زمانی فەرمییە و لە دارشتندا پەیرەوی لە ڕۆنانی زمانی کراوە، هەروەها پرۆسەی لێکۆلینەوە و دادگاییکردن و بریاری دادوەر بە زمان بەرێوە دەچێت و یاساش ڕێکخەری گشتی کۆمەڵگایە، بۆیە زانستی یاسا پەیوەستە بە گشت زانستەکانی دیکە. شیکەرەوەی گوتاری یاسایی لە کاتی شیکردنەوەی گوتاردا باشترە ڕەچاوی زانستەکانی دیکە بکات و بیکات بە بنەمایەك بۆ شیکردنەوەی گوتاری یاسایی. شیکردنەوەی گوتار لە لای زمانەوانی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە بۆ وەسفکردنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لە زمانەوانی دەروونیدا کەناڵێکە بۆ دۆزینەوەی زمان و کۆزانیاریی تاك، ڕەفتاری تاك لە فەلسەفەی زماندا گرنگیدانە بە واتا و لێکەوتەی واتایی. (نعیمة سعید، 2016، 9). لە گوتاری یاساییدا کەناڵی دۆزینەوەی تاوانبارە و سود لە گشت جۆرەکانی تری گوتار بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبینێت. لقێکە لە زمانەوانی یاسایی، بواری شیکاری زمانی لە زمانەوانی یاساییدا فراوانە پشت بە شیکاری داتای زمانی دەقی گوتەی وەرگیراو لە (تاوانبار، تاوان لێکراو، ئەفسەری پۆلیس، لێکۆلەری یاسایی، پارێزەر،...) دەبەستێت، کار لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی زمان دەکات لە ئەنجامدانی تاواندا، شیکاری زمانی جەخت لە واتای گوتن دەکاتەوە، لە هەندێك باردا واتای دەربڕاوی گوتن شتێکە و مەبەستی گوتن شتێکی دیکەیە. بۆیە پێویستە واتای دەربڕاو و مەبەستی گوتەی دەربڕاو یەکبێت و یەك واتا بگەیەنێت. **بۆ ئەم مەبەستە شیکەرەوەی زمانەوانی یاسایی لە کاتی شیکردنەوەی گوتاری یاساییدا و دۆزینەوەی هێڵی پەیوەندیی نێوان زمان و تاوان و دەستنیشانکردنی بەڵگەی زمانی پەیوەست بە سەلماندنی تاوانی یان بێتاوانی، جیاکردنەوەی واتای گوتن و مەبەستی گوتن (واتا و مەبەست) لە دەقدا، پێویستە پشت بە سیاقی زمانی و بەستنەوەی بە سیاقی یاسایی ببەستێت و پێوەری سەرەکی بێت لە شیکاری گوتاردا. بۆ ئەوەی دوربێت لە شیکردنەوەی نادروست.**

لە زمانەوانی یاساییدا، زمان و شیکاری زمانی گرنگی تایبەتی هەیە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی تاوان، تا ئاستێك، کە بەبێ زمان قورسە ئەم کارە ئەنجامبدرێت، بۆ نمونە:

- **لە کاتی بونی ناهەنگی یەکترناسینی خوێندکاراندا. مامۆستا لە کاتی تێپەربوندا سڵاو لە خوێندکاران دەکات، بەڵام سڵاو لە خوێندکارێکی عرقی جیاواز ناکات.**
- **ئایا دەتوانی تاوانبار بکرێت بە ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی؟ لە کاتێکدا هیچ وشەیەکی نەدرکاندوە و هیچ ئاماژەیەکی نازمانی بەکارنەهێناوە؟**
- **تاوانبارکردنی کارێکی ئەستەمە، چونکە هیچ وشەیەك و ئاماژەی نازمانی بەکارنەهێناوە. دەتوانی بڵێت من ئەم بینیون یان سەرقاڵ بوم.**

زمانەوانی یاسایی لە شیکاریی گوتاری یاساییدا، پێویستە ڕەچاوی (لێڵی واتایی) (Ambiguity) بێت، کە لە ئاستی واتای وشە دایە، لە پەیوەندییە واتاییەکاندا (هاوواتا، فرەواتا، دژواتا) بە دیاردەکەوێت. لە هەندێك باریتردا لێڵییە واتاییەکە لە ئاستی ڕۆنان و ڕستە دایە. لە هەندێك لە ئاخاوتندا بەرهەمدێت، لە کاتی لێکۆلینەوەی یاساییدا تۆمەتبار ئاخاوتنی لێڵی (لێڵی واتایی) بەکاردێنێ بە مەبەستی دانپێدانەنان و خۆبەدورگرتن لە ئەنجامدانی تاوان، بۆ نمونە:

- **لەکاتی بونی شەر لە نێوان چەند کەسێکدا، یەکێکیان دەڵێت (چەقۆکە هەڵگرە) کەسی چەقۆ بەدەست چەقۆکە ڕادەوەشێنێت و لە کەسی بەرانبەر دەدات. لە کاتی دادگایکردندا (چەقۆ وەشێن) دەڵێت، فەرمانیان پێکردم، کە چەقۆکە ڕاوەشێنم، کەچی کەسەکەی تر دەڵێت من مەبەستم ئەوە بوە کە چەقۆکە هەڵگرێ نەك بیوەشێنێ.**

- **ئەمە تەواو جەدەلێکی زمانیە وانی بەکارهاتو و واتایەکی سیمانتیکی وشەکان نیە، بەڵکو پەیوەستە بە سیاق و مەبەست.**

لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی بە کۆمەڵ یان تاوانی دەستدرێژی سێکسی و دزیکردن تۆمەتبار زیاتر مۆرفیمی سەربەخۆی (من) بەکاردێنی لە بری (ئێمە) و بەکارهێنانی مۆرفیمی ناکردن زیادتر لە پێویست. بە تایبەت لە ئەنجامدانی تاوانی بەکۆمەڵدا بە مەبەستی جیاکردنەوەی (خود لە گشت) یان ڕۆنانی ڕستەی بکەرنادیار لە بری بکەردیار.

لە هەندێك کاتدا تۆمەتبار دەستەواژەی (ئاە – ئا) یان (ئم - ئەم) بەکاردێنێ، مەرج نییە ئەم دەستەواژانە بەواتای دانپێدانان بێت، وەك:

**لیکۆڵەر: تۆ لەلای هاورێکەت بوی؟**

**تۆمەتبار: ( ئم - ئەم) لەوانەیە مەبەستی دواتر بێت، واتە تەواوکردنی پرسیارەکەی.**

شیکاری دیالێکتی زمانی بابەتێکی زمانەوانی یاساییە، لە سەلماندنی تاوانی بێتاوانیدا. هەندێك وشە و دەربڕاو لە نێوان دیالێکتەکان واتا و لێکەوتەی واتایی جیاواز دەگەیەنن. لە هەمان کاتدا جیاوازی دیالێکت دەبێتە هۆی جیاوازی لە ئاستەکانی زمان جیاوازی (فۆنەتیکی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی و واتایی)، جیاوازی لە جوگرافیایی زمانیش. ئەمانە یاریدەدەری زمانەوانی یاسایی دەبن لە شیکاری گوتاری یاساییدا.

بۆ نمونە:

لە کرمانجی سەرو (جرت و فرت) بە واتای هاتوچۆ دێت، لە کرمانجی ناوەڕاست، ئەم گوتەیە بۆ سوکایەتیپێکردن بەکاردێت. لە شیکردنەوەی گوتاری ئاراستەکراودا پێویستە ژینگەی زمانی و شێوەزار و جۆراوجۆری زمان لەبەرچاوبگیرێت.

زمانەوانی یاسایی بە مەبەستی گەیشتن بە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان و دروستی و نادروستی گوتەی تۆمەتبار و دۆزینەوەی تۆمەتبار لە ڕێگەی زمانەوە، یان هەمو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دۆسیەیی تاوان، کار لەسەر شکردنەوەی گوتاری یاسایی دەکات لەسەر بنەمای (**شیکاری سیاق:** بەستنەوەی زمان بە سیاقی زمانی دەستنیشانکردنی مەبەستی گوتارە. **واتای سیمانتیکی:** دیاریکردنی سیمای واتایی ناوە بەکارهاتوەکان و دیاریکردنی واتای فەرهەنگی وشەکان، کە زیاتر لە واتایەك هەڵنەگرێت. **ئامانج لە کردەی قسەیی:** مەبەست لە ڕاپەڕاندنی کردە قسەییەکە چیە؟ دواتر بەستنەوەی بەسیاقی یاسایی تاوان. **شیکردنەوەی ڕۆنانی زمانی:** لێکۆلینەوەی لە ڕۆنانی ڕستە وەك (بکەردیار و نادیار، ڕابردو و ڕانەبردو، بەکارهێنانی جێناوەکان...) **شیکاری هێزی وشە:** ئایا وشە بەکارهاتوەکان هاندەرن بۆ ئەنجامدانی تاوان. **ڕەگەزەکانی گوتار:** پێکدێت لە: نێرەر، وەرگر، کەناڵ، کۆدی زمانی، سیاق...) (اللسانيات الجنائية ودورها في كشف الجريمة: منال احمد,8). واتا و لێکەوتەی واتایی وشە و دەستەواژە بەکارهاتوەکانی زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك لە هەندێك باردا مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت لە زانستی یاسادا. بۆیە شیکەرەوەی گوتاری یاسایی پێویستە شارەزایی تەواوی واتا هەبێت لە دەستەواژە یاساییەکاندا.

بۆنمونە:

- **دو هاوسەر لە پرۆسەی بەیەکەوەبونیان و نەبونی هیچ کێشە لە نێوانیاندا. پیاوەکە (ئۆتۆمبێلێك) دەدات بە هاوسەرەکەی (ژن) .**
- **لە کاتی جیابونەوەیاندا، ژنەکە دەڵێت: ئۆتۆمبێڵەکەی بە دیاری (هدية) پێدام.**
- **پاوەکە دەڵێت: نەخێر، بە ئەمانەت لەلام داناوە.**
- **جیاوازیی واتایی لە نێوان (دیاری و ئەمانەت) ئەوەیە، کە بە پێی یاسا دیاری ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنی ڕەسەن، بەڵام ئەمانەت مافی گەڕانەوەی بۆ خاوەنەکەی هەیە.**

زمانەوانی یاسایی لە کاتی شیکردنەوەی گوتاری یاساییدا ڕەچاوی (بورهان، بەڵگە، پەنجەمۆری زمانی) دەکات بۆ گەیشتن بە شیکارێکی دروست. بورهان (Demonstration) بە واتای پێشکەشکردنی (دلیل) دێت. ئاماژەکردنە بۆ شتێك، لە ڕێگایەوە دەگەیتە بەڵگە (Argumentation) بۆ دڵنیابون لە ڕاستی بەڵگە دڵنیایی دەدات بەئەجام (باتریك شاردو، دومنيك منغو، 2008، .(70

چەمکی **پەنجەمۆری زمانی** زاراوەیەکی زمانەوانیە، ئاماژەیە بۆ شێوازی ئاخاوتنی زمانی تاك لە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەی، کە ئاخاوتنی پێشوی لەسەر بنیاتنراوە و بەردەوامی هەیە بە جۆرێك، کە شوێنپێی زمانی لەسەر گوتاری

تاك له ئێستاشدا بەجێدێلێ. تایبەتمەندی ژینگەی (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ڕۆشنبیری، پیشەیی،...) له دەربرینه زمانییەکانی لەسەر ئاستی وشەو واتا و وشه و چالاکی زمانی بەدیاردەکەوێت. ئەم تایبەتمەندیانه کەسێك له کەسێکی دیکه جیادەکاتەوە وەك (پەنجەمۆری بۆماوەیی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. له زانستی زماندا چەمکی (idiolect) بۆ بەکاردێت. (دنیا بوقلمون أحلام أومدور، 2024، 25)

بۆ نموونه :

(1)

مامۆستا: سەنگەر وەرە ئێرە.

سەنگەر: ڕاوە مامۆستا.

مامۆستا: بێ ڕەوشت (ڕاوە) چییە؟

پەنجەمۆری زمانی لەلای (سەنگەر) ئەو وشه و دەستەواژانەن، که ڕۆژانه بەکاریاندەهێنێت و کەسێتی ئەوی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام لای مامۆستاکەی (ڕاوە-بوەستە) وەک گاڵتەکردن دێتەئەژمار.

(2)

دەستەواژە و دەربڕاوەکانی وەک: (شەیتان، زۆڵ، گەندڵ، پەری، گوڵەکەم، بابی من ....) دەبنه پەنجەمۆری کەسی ئاخێوەر، بەهۆی زۆر بەکارهێنانییەوە.

شیکەرەوەی زمانەوانی یاسایی پێویسته ڕەچاوی کەرەستەکانی شیکاریی گوتار بکات له پرۆسەی شیکردنەوەی گوتاری یاساییدا. وەك کەرەسته زمانییەکان[4]، که ئاماژەن (Reference) بۆ ڕووداوێك، یان بابەتێك لەناو گوتاردا ((ئەم وشانه چەمکێکی سەربەخۆ و چەسپاویان نیه واتاکانیان دیار نابێت، ئەگەر له دەقدا نەبن)) (قەیس کاکل، 2002، 45) له پەیوەندیی نێوان زمان و شیکردنەوەی واتادا، زمانەوانی یاسایی خەخت له زانستی واتاسازی دەکات، که توێژینەوە و بەدواداچونی واتای زمانیه له ئاسته جیاوازەکانی (وشە، ڕسته، دەق). پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو (دال و مەدلول)ـه فردنان دوسوسێر (Ferdinand de Saussure) پەیوەندیی نێوان زمان و واتا له ڕێگەی هێمای زمانی (Sign) دیاریدەکات. هێما زمانیەکان پەیوەندیی نێوان دال Signifier)) مەدلول (Signified) دەستنیشاندەکەن. جیاوازی هێما لای (سوسێر و فریج) لەوەدایە، که بەلای (فریج) هێماکان ئاماژە و ئامرازی شیکاری فەلسەفەی زمانن. بەلای (سوسێر) هێماکان پێکهاتەیەکی سیستەمی زمانی ئاماژە کراوە بۆ شتێك له زماندا. لای فریج بریتیه له مەدلول **(Signified)** لای سوسێر بریتیه له ئاماژەبۆکراو (Reference) (کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، 2006، 3) زمانەوانی یاسایی له شیکاری گوتاری یاساییدا، ڕەچاوی لێکدانەوەی واتای بەکارهاتو دەبێت لەوانه:

1. واتای سیمانتیك ( Semantics Meaning)ئاستێکی زمانیه، گرنگی به واتای وشەیی (The meaning of the word) و واتای فەرهەنگی (Lexical Meaning)ی وشەکه دەدات. ڕستەش بەرهەمهێنەری واتایەش. خەخت له پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو دەکاتەوە له دەربڕینه زمانیەکان و وەرگرتن و شیکردنەوەیدا. واتایەکی نەگۆڕە، تەنیا یەك ئاماژەی هەیە. ئاماژە (Denotation) بۆ شتێك یان تەنێك له دەرەوەی زمان. جێگیرە و به پێی سیاق نا گۆڕێ. نێرەر ئەوەی دەیڵێت مەبەستی هەمان شته.

بۆ نموونه :

بەرگەی گەرمای زۆر ناگرم.

ئاخێوەر تەنیا مەبەستی پلەی گەرمایه و هیچ مەبەستێکی شاراوەی لەم ڕستەیەدا نییه.

2. واتای پراگماتیکی Pragmatic Meaning بریتیه له واتای کۆنتێکستی (Contextual Meaning) ئاستێکی زمانه پەیوەندی به چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانه له سیاقی بەکارهێناندا. لێکۆلینەوە له مەبەستی قسەکەر دەکات. پراگماتیک دۆزینەوەی پەیوەندییه له نێوان بۆتەی ئاخاوتن و ئاخێوەراندا. بەشێك له واتای پراگماتیکی شاراوەیه پێویستی به زانیاریی زمانی و زانیاریی دەوروبەری (سیاقی) هەیە. سنوری پراگماتیک له کردەی قسەیی، پێشگریمانه، لێکەوتەی ئاخاوتەیی، بەدیاردەکەوێت. واتای پراگماتیکی گرنگی به مەبەست دەدات. لێکدانەوەی مەبەستی گوتنه، کۆدەکان ئاماژە بۆ مەدلولی خۆیان ناکەن، بەڵکو مەبەستێکی دیکه دەگەیەنن، بەجۆرێك نێرەر شتێك دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە.

بۆ نمونە:

دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ.

مەبەستی ئەم گوتەیە واتای وشەکان نییە، بەڵکو ئاماژەدانە بە کەم نرخی گوتەی کەسێک، هاوکات نیشاندانی مەزنی خودە لە بەرانبەر گوتەکەدا.

3. واتای زاراوەیی (استلاحي) (Technical/ Terminological meaning)واتای وشەیە لە بوارێکی دیاریکراو وەك (زانستی، ئابوری، سیاسیی،...). پەیوەستە بە بوارێکی دیاریکراو نەك كۆی زمان.

بۆ نمونە:

(1)

- ڕەگ، لە بیرکاریدا بە واتای دوجا، یان سێجای بەهایەک.
- لە ڕێزماندا بە واتای ڕەگی کار، یان کەرەستەی هەرە بنچینەیی کار.

(2)

ڕاگرتن (توقيف)
بەندینخانە (سجن)
فرمانی گرتن (امر قبضي)

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵ و دامەزراوەکان داناوە. لە هەندێك باردا واتا و لێکەوتەی واتایی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، ئەمە بە (تاوانی ئەلکترۆنی) ناسراوە. لە ڕێگەی زمان (گوتراو، نوسراو) و زمانی وێنە و ئیمۆجی جێبەجێدەکرێت. زمانەوانی یاسایی لە کاتی شیکاریی گوتاردا ڕەچاوی ئەمانە دەکات.

نمونە :

(1)

کەسێك کە ماوەیەکی زۆرتر لە ماوەی دیاریکراوی خوێندن، خوێندنی تەواو دەکات.

باوك بۆ کور: پیرۆزبایی لە ..... کورم دەکەم بەبۆنەی تەواوکردنی خوێندنی بەکلوریۆس.

لە کۆمێنت بۆیان نوسیوە:

(کەر هەر کەرە)
(ئەی ماستەر)

(2)

حکومەت: ئەم ساڵ گوزەرانی خەڵک باشتر دەبێت.

هاوڵاتی: 

## 5. گوتاری تاوان:

زمان ڕۆلی سەرەکی لە ژینگەی تاواندا دەبینێت، زمان وەك بەڵگەی تاوان و خودی زمان تاوانبارە. ئاماژە بۆ دو جۆر گوتاری تاوان دەکرێت. گوتاری تاوانی زمانی، ڕەفتاری تاوانبارانەی زمانە، کە لە چالاکی زماندا ڕەگەزی تاوان بەدیدەکرێت. خودی زمان تاوانبارە. گوتاری تاوانبار (تاوانی فیزیکی) لەم تاوانەدا زمان وەك کەرەستەکانی دیکەی ئەنجامدەری تاوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. (علاء عبده سالم حسن و أمل عبدالله، 2024، 270) سزای تاوانی زمانی پشت بە چەندی بەکارهێنانی گوتەی زمانی دەبەستێت (منال احمد علي الحافي، 2003، 13). **ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دانانی سزادا تەنیا چەندی گوتن کراوەتە پێوەر بۆ سزادان و پێوەری چۆنی گوتن ڕەچاونەکراوە.** لە گوتاری تاواندا دو جۆر دیاریدەکرێت.

**جۆری یەکەم (گوتاری تاوانی زمانی):** زمان جێبەجێکەری تاوانەکەیە، کۆی تاوانەکە، تەنیا لە بۆتەی گوتەی زمانی (نوسین، ئاخاوتن) دایە. وەك (ڕەگەزپەرستی، جنێودان، بوختانکردن، سوککردن – گاڵتەپێکردنی''ئایدۆلۆجی، ئاین، سێکس، نەتەوە'' ئیهانەکردن، پەیامی هەڕەشەکردن، تاوانی ئەلکترۆنی، ...) کۆی تاوانەکە لە سنوری زماندایە و هەڵناکشێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی فیزیکی جەستەیی وەك (کوشتن، بریندارکردن، لێدان،...). و کەرەستەی دادگا و

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

بەڵگەی سەلماندنی تاوانباری و بێتاوانی تەنیا زمانە، بەو پێیەی زمان لە سورِێکی ئاڵۆزی نادادپەروەریدا رۆڵێکی کارا دەبینێت. دادوەر تەنیا لەسەر گوتەی زمانی بڕیاردەدات.

**جۆری دوەم (گوتاری تاوانبار):** ئەو تاوانانەیە کە، سنورەکەیان تەنیا لە خودی زماندا کورت ناکرێتەوە. بەڵکو زمان کەرەستەیەکی ئەنجامدانی تاوانەکەیە وەك هەر کەرەستەیەکی تری ئەنجامدانی تاوان. بۆ نمونە تاوانی (تیرۆر، کوشتن، لێدان،..) بە هۆی زمانەوە هاندانی و رِێککەوتن و نەخشەکێشانی لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە دەکرێت. کەرەستەی دادگا و بەڵگەی سەلماندن تەنیا زمانیە، دادوەر تەنیا لەسەر گوتەی زمانی بڕیارنادات. دادوەر لەسەر بنەمای چەندان بەڵگەی بەکارهاتو بڕیاردەدات. (صالح بن فهد العصيمي، 2020 22 )

## 6. تاوانی زمانی

**بەڕای ئەم توێژینەوەیە:** تاوانەکە، تەنیا لە بۆتەی زمان دایە، لە سنوری (وشە، رِستە، دەق، ئیدیۆم، پەند) رەفتاری تاوانکاری و شەرانگێزی زمانە، گوتەی زمانی کردەی قسەیی چەمکی نەرێنی (Nigative) رادەپەرێنی، یان واتای دەربراوە زمانیەکان واتایەکی نەرێنی یان لێکەوتەی واتای نەرێنی دەگەیەنن لە سنوری واتای (سیمانتیکی و پراگماتیکیدا)ن، تاوانە زمانیەکان دەرهاویشتەی زمانیین بە پێی سیاقی بەکارهاتو، واتا و لێکەوتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە. خودی زمان بابەتی دادگایکردنە و لەناو قەفەسەی تاواندایە. لەم بارەردا زمان ئەرکی ئاخاوتن و دەربرین تێدەپەرێنێت دەبێتە هۆکارێکارێك بۆ زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە و تاوانێکی (کۆمەڵایەتی، کەسی، ئاکاری، سیاسیی، ئاینی،...) ئەنجامدەدات. تاوانی زمانی تەنیا کوت لە بۆتەی زماندا ناکرێتەوە، بەڵکو ئاماژە نازمانیەکان وەك زمانی ئیمۆجی و زمانی وێنە بە تایبەت لە (تاوانی ئەلکترۆنی)دا، تاوانی زمانی ئەنجامدەدەن. لە گشت تاوانەکاندا تاوانی زمانی پەڵناکێشێت بۆ تاوانی فیزیکی. لەم بارەیەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا پێوەر و بنەمای تاوانی زمانی چیە؟ **بەڕای ئەم توێژینەوەیە بنەمای تاوانی زمانی بریتین لە:**

1. تاوانەکە، تەنیا لە بۆتەی زماندایە.
2. تاوانەکە، دەرهاویشتەی گوتەیەك بێت، کە واتای نەرێنی یان لێکەوتەی نەرێنی هەبێت.
3. گوتەکە، کردەیەکی قسەیی چەمکی نەرێنی رِاپەڕاندبێت.
4. گوتەکە، ببێتە هۆی زیانگەیاندنی (کەسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، دەزگایەك،...)
5. تاوانەکانی وەك (جنێودان، جیاکاری، سوکایەتی،...) دەگرێتەوە.
6. لە تاوانی ئەلکترۆنیدا، زمانی ئیمۆجی و وێنە ئەگەر بۆ مەبەستی نەرێنی بەکاربێت بە تاوانی زمانی دادەنرێت.
7. زمانی بەکاهاتو لە تاوانی زمانیدا (گوتراو، نوسراو، ئاماژەی نازمانی) دەگرێتەوە.
8. بە تیۆری کردەی قسەیی شیدەکرێتەوە.

هەندێك دەربرین و دەرهاویشتەی زمانی رِاستەوخۆ تاوانێکی زمانی ئەنجامدەدات، لێکدانەوەی واتایی، واتایەکی سیمانتیکیە لە ئاستی وشە و رِستە دایە، وەك:

ئێمە بە پیاومان دانابوی.

گەمژە، ئەوە کاری تۆ نییە.

بەڵام لە هەندێك دەربرینی دیکەدا پێویستیان بە زانیاریی پراگماتیکی و بە ستنەوەی گوتە بە ژینگەی گوتنەوە هەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستی گوتن. لێکدانەوەی ئەم جۆرە گوتنانە کارێکی ئاسان نیە. پرسیارێکی دیکە دێتە پێش، ئایا شیکاری زمانەوانی یاسایی چۆن دەتوانێت گوتنێك دیاری بکات، کە ئایا گوتەکە تاوانبارە یان بێتاوانە واتە تاوانی زمانی ئەنجام داوە یان ئەنجامی نەداوە، کە گوتەکە یان دەربراوە زمانیەکە تاوانی زمانی ئەنجامداوە، یان بێتاوانە؟ **بەڕای ئەم توێژینەوەیە،** شیکەرەوەی گوتاری یاسایی لە زمانەوانی یاسایی پەنا بۆ شیکردنەوەی داتای زمانی بەکارهاتو لە دەربراوە زمانیەکە دەبات، ئەگەر گوتن و واتای گەیەنراو یەك واتا بگەیەنێت واتای گەیەنراو پێکهاتبێ لە واتای فەرهەنگی (سیمانتیکی) وشەکان، لەم بارەدا دیاریکردنی تاوانباری و بێتاوانی دەربراوە زمانیەکە کارێکی دیار و رِونە. لە هەندێك گوتەدا واتای دەربراوی گوتە و مەبەستی گوتە جیاوازە لێرەدا شیکەرەوەی گوتار پەنا بۆ زانیاریی پراگماتیکی و ژینگەی زمانی گوتەکە دەبات، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی تاوانباری و بێتاوانی گوتەکە.

Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

بۆ نموونە:

له شاخ بردییەوە، لە شار دۆڕا.

بۆ شیکردنەوەی ئەم گوتارە، شیکەرەوە پێویستی بە زانیاری پێشوەختە و ژینگەی زمانی هەیە، چونکە هەر لایەک دەتوانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریبهێنێت.

هەر لەم پەیوەندییە پرسیارێکی دیکە دێتە پێش، ئایا سزای یاسایی تاوانی زمانی لەسەر چ بنەمایەکی زمانی سزاکە دیاریدەکرێت؟ **بەڕای ئەم توێژینەوەیە و پێشنیار دەکات:**

1. بنەمای (چەندی و چۆنی) بەکارهێنانی زمان لە ئەنجامدانی تاوانی زمانی بکرێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی سزای یاسایی تاوانی زمانی.
2. سەرچاوەی زۆربەی تاوانە فیزیکیەکان بە تاوانێکی زمانی دەستپێدەکات. بۆیە دانانی سزای توند بەسەر تاوانی زمانی لەوانەیە ببێتە هۆی سنورداركردنی تاوانی فیزیکی.

## 7. گوتاری بەکارهاتو لە تاوانی زمانیدا:

هەمو ئەو جۆرە گوتارانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی تاوانی زمانی و ڕاپەڕاندنی کردەیەکی قسەیی، بەگوێرەی جۆری تاوانەکە جۆری کردە قسەییەکەش دەگۆڕێت. تاوانی زمانی دانانی فشاری زمانییە لەسەر بەرانبەر بە مەبەستی (دانپێدانان، ڕەتکردنەوە، پەسندکردن) زۆرەملێ لەم بارەدا نێرەر پەنا بۆ جۆراوجۆری ئەنجامدانی تاوانی زمانی دەبات، وەك (گاڵتەپێکردن، ترساندن، هەرەشەکردن،...) بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی. فشاری زمانی وەك زیرەکی و تەکتیکی زمانی لە بواری لێکۆڵینەوەی یاسایی، بواری کۆمەڵایەتی بەمەستی فشاردان لەسەر تاك، یان کۆمەڵ یان لە بواری سیاسیی و بواری ئاینی بەکاردێت. زمان وەك کەرەستەی فشار بەکاردێت. **هەمو دانپێدانان، ڕەتکردنەوە، پەسندکردن)ێکی زۆرەملێ بەتاوانی زمانی دادەنرێت.**

**گوتاری فشاری زمانی** لە سیاق و بواری جیاواز بەکاردێت، بەجۆرێک لێکۆڵەری پۆلیسی و یاسایی لە کاتی لێکۆلینەوە لە هەندێك باردا پەنا بۆ فشاری زمانی دەبات، وەك ئامرازێکی فشارکردن بە مەبەستی ناچارکردنی تۆمەتبار بۆ دانپێدان بە تاوان. فشاری زمانی (linguistic pressure) بەکارهێنانی زمانە وەک فشار و ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخانەی کە تێیدا زمان وەک ئامرازێکی "هێز" یان "فشار" بەکاردێت بۆ ناچارکردنی کەسی بەرانبەر تا کارێک بکات، زانیارییەک بدات، یان دان بە تاوانێکدا بنێت.(Coulthard and Johnson, 2007, 96). زمان لە هۆکارێکی پەیوەندیکردنەوە دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی فشارکردن، بە مەبەستی (کۆنترۆڵکردن، زاڵبون، ملکەچکردن) ئەم جۆرە گوتارە پشت بە بەکارهێنانی توندی فیزیکی جەستەیی نابەستێت، بەڵکو پشت بە (ڕۆنانی گوتار، هێزی وشە و دەستەواژە، پێداگریکردن، دوبارەکردنەوەی پرسیار، هەڕەشەی زمانی، سوککردن، سنورداركردنی وەڵام، پرسیاری ئاڕاستەکراو، شێوازی گفتوگۆکردن، دەسەڵاتی زمانی، یاریکردن بە وشە) دەبەستێت. زمان، وەك ئامرازێکی زۆرەملێکردن بەکاردێت، بە مەبەستی دانانی فشاری دەرونی لەسەر بەرانبەر، بۆ (دانپێدانان، ڕەتکرنەوە، پەسندکردن)ی بابەتێك یان ڕوداوێك. زمان، وەك میکانیزمێك بۆ دروستکردنی فشاری دەرونی بەکاردێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی (گرژی دەرونی، هەستکردن بە تاوان، دڵەڕاوکێی، ترس لە سزادان و لێپرسینەوە، بێدەسەڵاتی و خۆبەدەستەوەدان، ...). (**فشاری دەرونی** لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بریتییە لەو گوشارە توندەی کە لێکۆڵەر لە ڕێگەی گوتاری توند و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆوە دروستیدەکات، بە مەبەستی لاوازکردنی بەرگرییە دەرونییەکانی گومانلێکراو) (Gudjonsson, 2003, 117). بۆ نمونە لە هەندێك باردا لێکۆڵەر لە سیاقی لێکۆلینەوەدا لەگەڵ تۆمەتبار و چۆنیەتی شێوازی بەڕێوەبردنی لێکۆلینەوەکە و جۆری پرسیارکردن، دەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی فشاری دەرونی. لەم بارەدا دانپێدانان بە تاوان بەرهەمی گوتارێکی ڕێکخراوە و ئاراستەکراوە، جۆری دانپێدانانەکەش دانپێدانانی (زۆرەملێ)یە، (الاعتراف القسري) - .Coerced Confession).

لەسەر بابەتی فشاری زمانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ دانپێدانانی زۆرەملێیی بۆچونی هەر یەکە لە **مالکۆم کۆڵتەرد** و **گودجۆنسن** دەخەینەڕو:

بۆچونی **مالکۆم کۆلتەرد ((Malcolm Coulthard** دەربارەی زۆرەملێی زمانی (Linguistic Coercion) ئەوەیە، کە یەکێکە لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکانی زمانەوانیی دادوەری. مالکۆم پێیوایە زۆرەملێ تەنها لێدانی جەستەیی نییە، بەڵکو **"زمان"** خۆی دەکرێت ببێتە ئامرازێکی سەرکوتکردن.
بۆچونی ئەو لەم بارانەدا جێبەجێدەبێت:

### 1. ناهاوسەنگیی هێز لە گفتوگۆدا (Power Asymmetry)

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، "زمان" بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ بەکاردێت. لێکۆڵەر (Interrogator) کۆنترۆڵی تەواوی "کاتی قسەکردن" و "بابەتی قسەکردن" و "جۆری پرسیارەکان" دەکات. ئەمەش وادەکات تۆمەتبار لە ڕوی زمانەوانییەوە گۆشەگیر بێت و ناچار بێت تەنیا لەو چوارچێوەیەدا وەڵامبداتەوە، کە بۆی دیاریکراوە.

### 2. پرسیاری داخراو و ئاراستەکراو (Leading Questions)

بەکارهێنانی پرسیاری داخراو (ئەوانەی وەڵامەکەیان تەنیا بە "بەڵێ" یان "نەخێر")ـە جۆرێکە لە زۆرەملێی زمانی. ئەم پرسیارانە:

- مەودای ڕاستی تەسکتر دەکەنەوە.
- گومانلێکراو ناچار دەکەن زانیارییەک پشتڕاست بکاتەوە، کە نیرەر خۆی دایڕشتوە.

### 3. پرۆسەی "دوبارە داڕشتنەوە" (Reformulation)

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی فشاری زمانی **دوبارە داڕشتنەوەی گوتەکانی تۆمەتبار**.
**نموونە:**
تۆمەتبار دەڵێت: "من لەوێ بوم بەڵام هیچم نەکرد"، لێکۆڵەر دەڵێت: "کەواتە دان بەوەدا دەنێیت، کە لە شوێنی تاوانەکە ئامادە بویت".
ئەم گۆڕینی وشانە (لە "لەوێ بوم" بۆ "لە شوێنی تاوانەکە ئامادە بویت") فشارێکی زمانی دروستدەکات، کە گوتەی تۆمەتبارەکە بە ئاراستەی تاوانبارکردن دەبات.

### 4. بێدەنگی وەک فشار

بێدەنگیی ستراتیژی لەلایەن لێکۆڵەرەوە جۆرێکە لە پەستانی زمانی. کاتێک لێکۆڵەر دوای وەڵامێکی تۆمەتبار بێدەنگ دەبێت، تۆمەتبار هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات و بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە دەستدەکات بە قسەی زیاتر، کە زۆرجار ئەم زانیارییە زیادانە دەبنە هۆی تێوەگلانی زیاتری. (بڕوانە: Coulthard and Johnson, 2007, 95-101)

گودجۆنسن (Gudjonsson) ئەم دانپێدانانە دابەشی سەر دو جۆر دەکات:

1. دانپێدانانی زۆرەملێیی دەرەکی (Coerced-compliant): کەسەکە دەزانێت تاوانبار نییە، بەڵام تەنیا بۆ ڕزگاربون لەو فشارەی لەسەریەتی، دان بە تاوانە ئاراستەکراوەکەدا دەنێت، یان بە داواکاری نیرەر ڕازیدەبێت.
2. دانپێدانانی زۆرەملێیی ناوەکی Coerced-internalized: کەسەکە لەژێر فشاری زمانی و دەرونیدا هێندە مێشکی تێکدەچێت، کە باوەڕ بە خۆی دەکات، کە تاوانەکەی ئەنجام داوە. (Gudjonsson, 2003, 38)

ئەم جۆرە گوتارە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئاینی بەکاردێت.
فشاری زمانی ئامرازی شاراوەی فشاری دەرونییە، پشت بەهێزی زمان و دەسەڵاتی زمانی دەبەستێت، لە ڕێگەی (دوبارەکردنەوە و ئاراستەکردن و شێواندن)، هۆکارێکە بۆ دروستکردنی تێکچونی مەعریفی و نائارامی دەرونی، وەرگر وا هەستدەکات، کە سوربون سودی پێناگەیەنێت و دەستدەکات بە خۆگونجاندنی زمانی بۆ دەربازبون لەم فشارە بە ئاڕاستەی ڕازیکردنی بەرانبەر هەنگاو دەنێت. ئەمە وادەکات، کە گۆڕان لە هەڵوێست دروستبێت. ئەم جۆرە گۆڕانکارییە گۆڕانکارییەکی ئاسایی هزری و لۆژیکی نییە، بەڵکو بەرهەمی فشارێکی زمانی و دەرونیە. ئەنجامی بەکارهێنانی وشەکانی (شایەتمان هەیە، دانپێدابنێ، بۆ تۆ باشترە...) ئەمانە بواری بیرکردنەوەی دروست و ئازاد

کەمدەکەنەوە، دەبێتە هۆکار بۆ داڕمانێکی زمانی و هزری تۆمەتبار، ئەم جۆرە دانپێدانە و ڕازیبونە خۆویستی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی فشار و زۆرەملێییە (Forced Framing).

جۆرێکی دیکە لە فشاری زمانی، تاکتیکی ڕێنمایی و فەرماندانە بۆ ئەنجامدانی کردەیەک، کە لە ڕوکەشدا نیانە، بەڵام لە ناواخندا توند و ئاراستەکراوە، ئەم تاکتیکە بە **گوتاری ڕێنمایی** (**Directive Discourse**) جێبەجێدەبێت، کە چەمکێکی فراوانترە لە وشە و ڕستە دەربڕاوەکان، تەواوی ژینگەی گفتوگۆکە دەگرێتەوە، کە تێیدا لایەنێکی بەهێز (وەک: دادوەر، لێکۆڵەر، خاوەن پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی ...) هەمو گوتارەکە ئاراستە دەکات. لەم جۆرە گوتارەدا، هێز (Power) ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت." خاوەن گوتاری ڕێنمایی، بە بەکارهێنانی ستراتیژیی ڕێنماییکردن، ڕێڕەوی گفتوگۆکە بەو ئاراستەیەدا دەبات کە خۆی دەیەوێت، یان سنوری وەڵامدانەوەی لایەنی بەرانبەر دیاریدەکات، بە شێوەیەک کە ڕێگە لە وەڵامدانەوەی ئازادانە دەگرێت." .(Thornborrow, J. 2002, 41)

گوتاری ڕێنمایی تاکتیکی گۆڕینی ڕەفتارە، نێرەر تەنیا زانیاری ناگەیەنێت، بەڵکو گوتارێکی ئاراستەکراوە بە مەبەستی دروستکردن و دانانی کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هزری وەرگر و ئاراستەکردنی وەرگر بە پێی ویستی نێرەر. لەم بارەدا نێرەر پەیرەوی بەکارهێنانی زمانی دەسەڵات دەکات، کە ڕەنگدانەوەی بەهێزی دەسەڵاتی نێرەرە بەسەر وەرگردا. گوتاری ڕێنمایی چوارچێوەیەکی سنورداری دیاریکراو لە ڕێنماییکردنی هزری و ڕەفتاری بۆ وەرگر دیاریدەکات و وەرگر هەست بە بێدەسەڵاتی و تاوانباری دەکات. وەرگر سنوری وەڵامدانەوەی دیاریکراوە و ناچاری ڕاپەڕاندنی کردەیەك دەکرێت. زمان بێلایەنی خۆی لە دەستدەدات و نائارامی دەرونی لە لای وەرگر دروستدەکات و دەبێتە ئامێرێکی دروستکردنی فشاری دەرونی. **لە هەندێك باردا واتای گوتەی ڕێنمایی لەگەڵ مەبەستی ڕێنمایی یەك واتا نیە، بەڵکو بۆ مەبەستی (فێڵیکردن، ناچارکردن،...) بەکاردێت کە ئەمانەش تاوانی زمانیین**. بەکارهێنانی زمانی جەختکردن (اللغة التأكيدية) (assertive) گریمانەیەك وەك ڕاستیەکی ڕەها و کۆتایی دەخاتەڕو، لە بەرانبەر ئەو فشارە زمانییەی لەسەری دروستکراوە. زمانی جەختکردنەوە "شێوازێکی دەربڕینە کە تێیدا نێرەر بە شێوەیەکی ڕون، ڕاستەوخۆ و بە متمانەبەخۆبوونەوە بیروڕا و ماف و پێویستییەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەبێ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کەسی بەرانبەر". Alberti and Emmons, 2017, 36))

بە نمونە دۆخی ئاخاوتن بە بەکارهێنانی زمانی جەختکەرەوە دەخەینەڕو:

**لە لایەن لێکۆڵەرەوە:** وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی "دڵنیایی ڕەها" لە تاوانباریی کەسەکە، بە مەبەستی ڕوخاندنی ورەی تۆمەتبار.

لە کامێراکانی چاودێرییەوە دەرکەوتوە، کە تۆ تاوانەکەت ئەنجامداوە.

**لە لایەن تۆمەتبارەوە:** زۆرجار ئەو کەسانەی لەژێر فشاردا بە زمانی جەختکەرەوە بەرگری لە خۆیان دەکەن، لای لێکۆڵەران وەک "کەسی سەرکێش" دەردەکەون، کە ئەمەش فشارە زمانییەکیان لەسەر زیاد دەکات.

هیچ هێزیک ناتوانێت ئەم تۆمەتە بخاتە پاڵ من.

زمانی جەختکردنەوە هۆکارێکە بۆ ڕەوینەوەی هەمو ئەو فشارە دەرونیانەی، کە گەرەکیەتی هزر و بیرکردنەوەی وەرگر بگۆڕێت یان تێکبدات. سەرەڕای زمانی جەختکردنەوە، هەمیشە نێرەر لە هەر پلە و پۆستێک دابێت، ئەگەر بتوانێت مەبەستیەتی زمانێکی دەسەڵاتخوازانە بەکاربهێنێت، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی وەرگر. **زمانی دەسەڵاتخوازانە** ( **authoritarian language**)پاوانخوازی و تاکڕەوی زمانیە لە کردەی پەیوەندیکردندا و ڕوخساری زمانی دەسەڵات نیشاندان و سەپاندنی هێز و هەژمونی نێرەرە بەسەر وەرگر. "زمانی دەسەڵاتخواز بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیژیی وشە و ڕستەکان بە مەبەستی سەپاندنی باڵادەستیی ڕەها و بێبەشکردنی لایەنی بەرانبەر لە هەر جۆرە گفتوگۆیەکی هاوسەنگ، کە ئامانجی سەرەکی لێی ملکەچپێکردنی گوێگرە." (Chilton, 2004, 46).

هێزی زمانی بەرهەمهێنەری ترسە بوار بۆ گفتوگۆی ئازاد ناهێڵێت، وەرگر توشی خۆبەدەستەوەدانی زمانی (Silencing Effect) دەبێت.

کاریگەریی بێدەنگکردن = خۆبەدەستەوەدانی زمانی

ئەم هاوکێشەیە ئەنجامی کۆتایی **فشاری زمانی** (**Linguistic Pressure**)یە. ئەمەی خوارەوە شیکردنەوەی هاوکێشەکەیە:

کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ژێر "کاریگەریی بێدەنگکردن" (**Silencing Effect**)، تەنیا بێدەنگ نابێت، بەڵکو زمان و گوتاری خۆی ڕادەستی (**Surrender**) لایەنی بەرانبەر دەکات. ئەمەش بە دو شێوە ڕودەدات:

- **بێدەنگبونی تەواوەتی:** تۆمەتبار دەگاتە قۆناغێک هەستدەکات هەرچی بڵێت سودی نییە و لە دژی بەکاردێتەوە، بۆیە زمانەکەی پەکدەخات و بێدەنگ دەبێت.
- **بەکارهێنانی زمانی نێرەر:** وەرگر "زمانەکەی ڕادەست دەکات" بەوەی کە دەست دەکات بە دوبارەکردنەوەی ئەو وشانەی نێرەر دەیانڵێت، بۆ نمونە:

کاتێک لێکۆڵەر دەڵێت "تۆ ئەو کارە دڵڕەقانەیەت ئەنجامداوە"، تۆمەتبار دەڵێت: "بەڵێ، من ئەو کارە دڵڕەقانەیەم ئەنجامداوە")؛ لێرەدا وشەی "دڵڕەقانە" هی تۆمەتبارەکە نییە، بەڵکو زمانی خۆی ڕادەستی زمانی لێکۆڵەرەکە کردوە.
لە گوتاری ئاینیدا گوناهبارییە، واتە هەر کەسێك پێچەوانەی دەقی ئاین بێت بە (گوناهبار) دادەنرێت. لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا سەپێنەری هەژمونی (خێڵ، هۆز،...) بەهێزکردنی پلەبەندی کۆمەڵایەتیە زمانی گەورە و بچوکە بەرهەمهێنەری گرووپی ملکەچ بوە، لە گوتاری سیاسیدا ئامرازی سەپێنەری ئایدۆلۆجیایە، زمانی دەسەڵات و هەژمونە.
لە چوارچێوەی یاسایی و لیکۆڵینەوەدا زمانی دەسەڵات و بێدەسەڵاتە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی مەعریفی، وا لە کەسەکە دەکات دان بە وەدا بنێت یان ڕازی بێت بۆ ئەوەی خۆی لە سزادان بە دور بگرێت. بە گشتی، زمان وەك ئامرازێکی ڕاستەوخۆی فشارکردن بەکاردێت. لە ڕیگەی بەکارهێنانی زمانی ڕێنماییکردن و زمانی دەسەڵات، ئەمانەش دەبنە هۆکاری بەرهەمهێنانی فشاری دەرونی و هۆکارە بۆ تێکچونی مەعریفی، ئەنجامی بە دەستهاتوش لە ڕازیبون و دانپێدانان ئەنجامێکی زۆرە ملێی ( Forced Inference) واتە، ناچارکردنی وەرگر بە ڕازیبون لەسەر بابەتێك یان ڕاپەڕاندنی کردەیەك، کە خۆی مەبەستی ئەنجامدانی نیە.
فێرکلاف باس لە 'دەسەڵاتی پەنهان' لە زماندا دەکات، بەجۆرێک چۆن زمانی دەسەڵاتخواز دەبێتە ئامرازی سەرکوت. بەکارهێنانی **زمانی دەسەڵاتخواز** لە لایەن نێرەر وا لە وەرگر دەکات هەست بە بێدەسەڵاتییەکی ڕەها بکات، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ گۆڕینی وەڵامەکان بەرەو **دانپێدانانی زۆرەملێ** بە مەبەستی ڕزگاربون لەو کەشە گوتارییە قورسەی کە تێیدایە." (Fairclough, 2015, 77)

لێرەدا جیاوازی و پەیوەندیی نێوان ئەم چەمکانەی خوارەوە بە پێویست دەزانرێت:

1. گوتاری ڕێنمایی Directive Discourse: ئامرازە.
2. فشاری زمانی Linguistic Pressure: کردارەیە.
3. زمانی دەسەڵاتخواز Authoritarian Language: شێواز یان ئایدۆلۆژیا یان مەبەستی نێرەرە، (ئەو کەشە گشتییەی کە لایەنی بەهێز دەیسەپێنێت)

## 8. تاوانە زمانییەکان

هەر یەك لە تاوانە زمانیەکان جۆرێکی کردەی قسەیی ڕادەپەڕێنن بەجیاوازی تاوانەکان. هەندێکیان لە گوتەی تاوانی زمانیین وەك تاوانی (هەڕەشەکردن)، بە هەمو جۆرەکانیەوە، کە کردەی قسەیی هەڕەشە ڕادەپەڕێنێت. لەکاتێکدا ئەگەر کردەکە ڕانەپەڕیندرا، ئەوا تەنیا لە سنوری تاوانی زمانی هەژماردەکرێت، بەڵام لە ڕاپەڕاندنی کردەکە دەچێتە بەشەکانی دیکەی تاوان. کردەکان لە نێوان کار ڕاپەڕاندن و کار ناڕاپەڕاندن دان. لە هەر دو بارەکاندا بە تاوانێکی زمانی هەژماردەکرێت.گوتەی هەندێك لە تاوانە زمانیەکان تەنیا لە بۆتەی زمانیدان (نوسراو – گوتراو)، تاوانی ئەلکترۆنی (Cyber Crime) کەناڵێکی دیکەیە بۆ ئەنجامدانی تاوان بە تایبەت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. هەندێك لە تاوانە زمانیەکان تەنیا لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامدەدرێت بەتایبەت تاوانی تەکنەلۆجیایی ئەلکترۆنی (هاککردن)، ئەم جۆرە تاوانە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی تیایدا بەکارنایەت، بەڵکو پێویستی بە زمانی ئامێر و زانیاریی تەکنەلۆژی کۆمپیوتەرە و نێرەر هیچ تاوانێکی فیزیکی ئەنجامنادات، بۆیە بە تاوانی زمانی دادەنرێت. تاوانی دزینی کەسیەتی (احتیال الشخصیة)، یان دزینی لۆگۆ و مارکەی کۆمپانیاکان جۆرێکی دیکەیە لە تاوانی ئەلکترۆنی، بکەری تاوان وێنە و پرۆفایلی کەسێکیتر بەکاردینیت بەپێی بەرژەوەندی و مەبەستی تایبەتی خۆی بێ ئەوی کەسی بەکارهاتو ئاگاداربێت یان ڕەزامەندی دابێت. ئەمەش جۆرێکی ترە لە تاوانی زمانی. زمانی ئیمۆجی و وێنە، لە کاتی بەکارهێنانیدا ئەگەر ئاماژەیەکی نەرێنی هەبێت بە تاوانی زمانی دادەنرێت. بەگشتی تاوانە زمانیەکان بەهۆی ئەم گوتارانەوە ئەنجامدەدرێن:

**1-8 گوتاری ڕەگەزپەرستی:**
گوتاری جیاکاری و خۆبەپەسند زانینە، گوتاری زاڵبون و شانازیە لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ئاین، ئایدلۆجی،... ئەنجام دەدرێت. گوتاری ڕەگەزپەرستی بریتییە لە کۆمەڵێک کردەی زمانی (قسەکردن، نوسین، وێنە)، کە وێنەیەکی نەرێنی بۆ (کەمینەکان، نەتەوەکانی دیکە، ...) دروستدەکات و لە بەرانبەردا وێنەیەکی ئەرێنی و باڵادەست بۆ (کۆمەڵگە، نەتەوە، گروپ، ئایین، ...)ی باڵادەست دادەتاشێت. (Van Dijk, 2008, 104)
ئەم گوتارە بە شێوازی ڕێکخراو، یان هەرەمەکی ئاراستەدەکرێت. گوتاری جیاکارییە. بە زۆری مۆرفیمی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاك و کۆ (من-ئێمە) بۆ شانازیکردن و مۆرفیمەکانی دیکە بۆ کەسانی بەرانبەر بەکاردێت. لە گوتاری (ئایینی، سیاسیی، بۆنە سیاسیی و ئاینیەکان) بەکاردێت. نێرەر کردەی قسەیی شانازیکردن ڕادەپەڕێنی. گوتە زمانیەکان بە واتایەکی ڕون، یان مەبەستدار کردەکە ڕادەپەڕێنن.

- ئێمە لە ئێوە باشترین.
- دیارە کێ باشە؟ لە بۆتەی ڕستەی پرسیاری
- ئایینەکەمان ڕستترین ئایینە.
- نەتەوەی هەڵبژێردراوی خوایین.

**2-8 گوتاری سوکایەتی پێکردن:**
گوتاری بەکەم زانینی بەرانبەرە، دەستەواژە و هاوەڵناوە بەکارهاتوەکان بۆ لایەنی خراپی بەرانبەر بەکاردێت، نێرەر کردەیی قسەیی سوککردنی بەرانبەر ڕادەپەڕێنی. وەك سوکایەتی پێکردنی (نەتەوەیی، ئاینی، ئایدۆلۆجی، کەسی،...) گوتە زمانیەکان بەواتایەکی ڕون یان مەبەستدار کردەکە ڕادەپەڕێنن.

- ئێوە قەومی جنۆکەن.
- کۆنەپەرستەکان هی دەسەڵاتدارێتی نین.
- چاکسازی بە کەسی نەخوێندەوار ناکرێت.

**3-8 فشاری زمانی ( linguistic pressure)**
کردەکانی (دانپێدانان، ڕەتکردنەوە، پەسندکردن) کە زمان تیایدا بەکاردێت، بە مەبەستی ڕازیکردنی وەرگر بە داواکاری نێرەر. بە هۆی فشاری زمانییەوە. لەم جۆرە تاوانەدا تەنیا زمان بەکاردەهێنرێت. کردەی تاوانی فیزیکی ئەنجام نادرێت. نێرەر بەمەبەستی ملکەچکردنی وەرگر بەداواکەی پەنا بۆ گوتاری زاڵ لە جۆری کردەی (هەڕەشەکردن، ئاگادارکردنەوە، سوکایەتی پێکردن، بەکەم زانین،...) دەبات لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئاینیدا. (دانپێدانان، ڕەتکردنەوە، پەسندکردن)ی زۆرەملێ، دەچێتە خانەی تاوانی زمانی (صالح بن فهد العصيمي، 2020، 130).
تایبەتمەندی گوتاری فشاری زمانی:

1- دوبارەکردنەوەی پرسیار لە بۆتەی زمانی جیاواز بۆ وەرگرتنی یەك وەڵام :
پێش ڕوداوەکە لە کوێ بویت؟ کاتژمێر چوار لە کوێ بویت (ڕوداوەکە لە پێش ئەو کاتە ڕویداوە)
2- قەتیسکردنی وەڵامی پرسیار لە نێوان (بەڵی، نەخێر).
3- بەکارهێنانی گوتاری ڕێنمایی بە مەبەستی ڕازیکردن (فێڵکردنی زمانی) :
من بەرژەوەندی تۆم دەوێت.
4- بەکارهێنانی تەکنیکی زمانی:
دوای دزیەکە بۆ کوێ چویت.
5- بەکارهێنانی دەسەڵاتی زمانی:
من چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت.
6- گوتاری ئاگادارکرنەوە و هەڕەشە:
بۆ دواجار پێتدەڵێم.

**8-4 گوتاری كینه:**

گوتاری هێرش و سوكایەتی پێكردنە، لە سیاقی زمانی (گاڵتەكردن، كینە، هێرشكردن،...) بۆ مەبەستی جیاواز بەكاردێت. خراپ بەكارهێنانی خراپی زمانە (bad language) بە تاوانی زمانی هەژماردەكرێت. (هەمان سەرچاوە، 131) لەم جۆرە گوتارەدا جیاوازی بەكارهێنانی زمانی بەپێی (رەگەز، تەمەن، پیشە،...) دەكرێت. لە گوتاری زارەكی فۆنێمە ناكەرتیەكان بەشداردەبن، چەند جۆری گوتار لە خۆدەگرێت. جۆری گوتار جۆری كردە قسەییەكە دیاریدەكات. وەك:

1- گوتاری سوكایەتی: بیبڕەوە، بۆت نیە قسە بكەیت.
2- گوتاری ڕق (ئایدۆلۆجی، نەتەوەیی،...): جولەكە پیسن.
3- گوتاری دژایەتی: ژن مافی دەنگدانی نییە.
4- گوتاری شەرانگێزی و هێرشبردن: سیستەمی حوكم دەبێ بگۆڕێت.
5- گوتاری ململانێ: بونی قەوارەی كوردی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان. (گوتاری تورک)

**8-5 گوتاری ناوزڕاندن و بوختان:**

ناوزاندن و بوختانكردن بە گروپێك یان كەسێك، ئامانج لێی شكاندن و بریندارکردنە لە ئاستی (پیشەیی، كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی،...). لە تاوانی ئەلكترۆنیدا بە هۆی ئاماژەی نازمانی وێنە و ئیمۆجیەوە ڕادەپەڕێنرێت. چەمكەكانی (خائن، پاك، نەتەوەیی، دڵسۆز، داوێن پیس...) لە كاتێكدا ئەگەر پێچەوانە بەكارهێنران دەچنە چوارچێوەی تاوانی بوختان. بۆیە ئەم جۆرەی تاوان مەرجی دروستی و نادروستی تیادایە.

- هەتا بڵێی مرۆڤێكی دڵسۆزە.
- مرۆڤێكی گەندەڵە.

ئەگەر ڕاستی تێدانەبو دەبێتە بوختان.

**8-6 گێچەڵی سێكسی و تاوانی سێكسی:**

بەواتای ئەنجامدانی هێرشێكی سێكسی (زمانی یان جەستەیی) بۆ سەر ڕەگەزی بەرانبەر، لە هەندێك باری نەشازدا بۆ سەر هەمان ڕەگەز. ئەمە بە گشتی بە گێچەڵی سێكسی ناسراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە هێرشی (اعتداء) سێكسیە.

- سینگی چەند پانە.
- ئەڵێی مایینە.

گێچەڵ و تاوانی سێكسی لەكاتێك ڕوودەدات، ڕەگەزی بەرانبەر كاردانەوەی نەرێنی بەرانبەری هەبێت، وەك نەخۆشێكی ژن لەلای دكتۆرێكی پیاو لە كاتی پشكنیندا بە گوتەیەكی سێكسی وەسفی جەستەی یان ئەندامێك لە جەستەی بكات.

- مەمكت بۆ هەندە خڕو خۆشە.
- ئەم جوتە هەنارە چیە؟

پێویستە دادگا هەستیارتربێت بەرانبەر ئەم جۆرە تاوانە، چونكە گوتاری گێچەڵ و تاوانی سێكسی لە جۆرەكانی تری گوتار ترسناكترە، قوربانییەكە تا كۆتایی تەمەنی گیرۆدەی دەبێ، یان دەگاتە باری خۆكوشتن. ئەم جۆرە تاوانە زیاتر لە پەیوەندیی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان ڕوودەدات و جیا لە تاوانی گێچەڵ و تاوانی سێكسی بە تاوانی ئەلكترۆنیش دادەنرێت.

**8-7 گوتاری هەڕەشەكردن:**

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

لەسەر ئاستی تاك یان گروپ ئەنجامدەدرێت، تایبەتمەندی بەرانبەری هەیە، واتە هەرەشەكردنە بۆ بەدەستهێنانی شتێك. (پارە بەرانبەر بەردانی كەسێك)، یان بە مەبەستی ملكەچبون و داگیركارییە. گوتاری هەڕەشە تایبەتمەندی فەرماندان و هێز و دەسەڵاتە، مەرجی هەڕەشەكە ملكەچبون و خۆبەدەستەوەدانە.

- ئازادكردنی منداڵەكەتان بەرانبەر پارەیە.
- بتبینم دەتكوژم.
- نابێ حزبولڵا لە لوبنان دەسەڵاتداربن.

**8-8 گوتاری هاندان و فریودان و پیلانگێری:**
لەم جۆرەی گوتاردا نێرەر هەوڵدەدات كردەی ڕازیكردنی بەرانبەر ڕاپەڕێنیت، بۆ هەر مەبەستێك كە ئاماژەی نەرێنی هەبێت. جیاوازی لە نێوان گوتاری هاندان و فریودانادا هەیە، مەرج نییە هاندان لە چوارچێوەی ئاڕاستەی نەرێنی دابێت، بەڵام گوتاری فریودان بەردەوام ئاڕاستەی نەرێنیە وەک شاهێدی بە درۆدان، ساختەكردنی بەڵگەنامەكان. گوتاری هاندان دەكرێت ئاشكرا و شاراوەبێت:

داوا لە گەلانی ئێران دەكەم دەسەڵاتی خۆیان وەربگرنەوە.
دەبێ مرۆڤایەتی لە چنگی ئیمپریالیزم ڕزگاربكرێت.

گوتاری فریودان بەردەوام شاراوە و ناڕونە. لەم جۆرەی گوتاردا نێرەر كردەی قسەیی دلسۆزی و پەرۆشی بەرانبەر وەرگر ڕادەپەڕێنیت، لە هەمان كاتدا واتای گوتن و مەبەستی گوتن یەك واتا ناگەیەنن. نێرەر پەنا بۆ گوتاری دڕۆینە و گوتاری دوڕویی دەبات ئامانج لێی فریودان و پیلانگێریە.

من ئەم هەمو شەڕە بۆ تۆ دەكەم.

**9-8 سیحر و جادوگەری:**
بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، زمان وەك كەرەستەی سەرەكی بەكاردێت[5]. گوتە بەكارهاتوەكان بە شێوەی هێمای سحراوی یان هێمای ئاماژە نازمانیەكان یان هەر جۆرە بەكارهێنانێكی زمانی و نازمانی كاتێك زمان كردیەكی قسەیی ئاڕاستەی چەمكی نەرێنی ڕادەپەڕێنیت، واتە بەكارهێنانی زمان بۆ زیانگەیاندن، فریودان، یان هەر كاریگەرییەكی نادروست... لەسەر بەرانبەر دادەنێت. لەم ژینگەیەدا زمان وەك ئەنجامدەری تاوان ڕۆڵدەبینێت.

**10-8 گوتاری هەراسانكردن:**
نیرەر لەم جۆرە تاوانەدا پەنا بۆ هەمو جۆرەكانی تری تاوان دەبات، تەنیا بە مەبەستی هەراسانكردنی بەرانبەر.

## 9. ئەنجامەكان

- فشاری زمانی یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی دروستبونی دانپێدانانی زۆرەملێ، چونكە نێرەر (لێكۆڵەر) لە ڕێگەی زمانی توند و پرسیاری ئاراستەكراوەوە وەرگر (تۆمەتبار) ناچار بە دانپێدانان دەكات.
- هێز و دەسەڵاتی زمانی بەرهەمهێنەری ترس و ملكەچبونە، بوار بۆ گفتوگۆی ئازادانە ناهێڵێتەوە، لە ئاكامدا خۆبەدەستەوەدانی زمانی لێ دەكەوێتەوە، بە بێدەنگبون، یان دوبارەكردنەوەی گوتەی زاڵ و ئاراستەكراو.
- هەر گوتەیەک پەیامی نەرێنی هەڵگرتبێت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی ناهاوسەنگی ئاخاوتن لە نێوان بەشداربوانی ئاخاوتن، بە تاوانی زمانی دادەنرێت.
- ژینگەی ئاخاوتن پێوەری سەرەكییە، لە دیاریكردنی ئەو گوتانەی تاوانی زمانی ئەنجامدەدەن، یان بێ تاوانن.

- جۆراوجۆری زمان و زاره جیاجیاکانی زمانێکی دیاریکراو، له دیاریکردنی تاوانه زمانییەکان ڕۆڵ دەگێرن.
- هەمو دانپێدانان و ڕەتکردنەوەیەک، له ئەنجامی فشاری زمانییەوه بە تاوانی زمانی دادەنرێت.
- گوتاری ڕێنماییکردن، بێ ڕەچاوکردنی ئارەزوی وەرگر وەک تاوانی زمانی ئەژماردەکرێت.
- زمان ئەنجامدەری تاوانی زمانییە، هاوکات کەرەستەی دۆزینەوەی تاوانبارە، له ڕێگەی بوڕهان، پەنجەمۆر، بەڵگە و ژینگەی زمانی.

## 10.دەرئەنجام

سۆسێر زمان بۆ سیستەمی زمانی و ئاخاوتن دابەشدەکات. زمان له سیستەمی زمانیدا کایەیەکی بێلایەنە. تاوانی زمانی دەچێتە چێوەی ئاخاوتنەوە، ئەمەش بەگوێرەی سروشتی کۆمەڵگە و سیستەمی یاسایی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت. له زۆر کۆمەڵگەدا له کاتی بونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا تاکەکان تاوانی زمانی له بەرانبەر یەکدیدا ئەنجامدەدەن، له کەم باردا پەنا دەبەنە بەر تاوانی فیزیکی، ئەمەش بۆ ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و ترسی سزای یاسایی دەگەڕێتەوە.

فشاری زمانی، کە تاوانێکی زمانییە لێکەوتەی خراپی وەک نادادی لێدەکەوێتەوە، بەجۆرێک هەندێک جار فشارلێکراو، بێ تاوانە، بەڵام بەرگەی فشارەکان ناگرێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی گوتارە زاڵەکەوە.

تاوانە زمانییەکان، یان سەردەکێشێ بۆ تاوانی فیزیکی، یان خۆبەدەستەوەدان و ملکەچی بەرهەمدێنێت.

بۆ خۆدورگرتن له تاوانی زمانی، کە بەهۆی پەنجەمۆر و شێوەزار و ژینگەی زمانییەوە دروستدەبن، مرۆڤ ناچاردەبێت زمانی باو و ستاندار له ئاخاوتندا بەکاربهێنێت.

### سەرچاوەکان


- أحمد بن خضر ذاخر المالكي، 2021، مركز ابن العربي للثقافة والنشر - مجلة ابن خلدون للدراسات والأبحاث، المجلد/العدد: مج 1, ع 3.
- أمبارك بن مصطفى، 2022، اللسانيات القانونية دراسة في المفهوم والمجال، المركز الجامعي الشريف بوشوشة، آفلو، الأغواط، الجزائر، المجلد السابع، العدد الرابع.
- باتريك شاردو، دومنيك منغو، 2008، معجم تحليل الخطاب، ترجمة، عبدالقادر المهيرى، حمادى صمد، طبعة الاولى، دار سيناترا.
- دنيا بوقلمون و احلام اومدور، 2024، اللسانيات الجنائية و دور فى حل لغز الجريمة، جامعة 8 ماي 1945 قالمة – كلية الآداب واللغات – قسم اللغة والأدب العربي – رسالة الماستر.
- سليم مزهود (د.) ، 2021، الليسانيات القانونية و دور اللغة القانونية بالقضاء، مجلة القانون والتنمية – المجلد 3 – العدد 1 – جوان.
- صالح بن فهد العصيمي (أ. د.) 2020، اللسانيات الجنائية: تعريفها، ومجالاتها، وتطبيقاتها، طبعة الأولى، مركز الملك عبدالله بن عبدالعزيز الدولي لخدمة اللغة، المملكة العربية السعودية، الرياض.
- عبدالمجيد الطيب عمر (د.)، 1429 هجري، علم اللغة الجنائي - نشأته و تطوره و تطبيقاته - المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، المجلد 23، العدد 45، تصدرها جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.
- علاء عبده سالم حسن و أمل عبدالله الراشد (د.)، 2024، الخطاب في السياقات القانونية: مفهومه وأنماطه ووظائفه، الآداب للدراسات اللغوية والأدبية - جامعة ذمار - كلية الآداب – المجلد 6 - العدد 2.
- قيس كاكل توفيق، 2002، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتورا ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- کلود جیرمان و ریمۆ لۆبلان، 2006، واتاسازی، و. یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- مرتضى جبار كاظم (د.)، 2015، الليسانيات التداولية في خطاب القانوني قراءة استكشافية التفكير التداولي عند القانونيين – – الطبعة الأولى – دار ومكتبة عدنان – بغداد شارع المتنبي – بناية المكتبة

البغدادية.
- منال احمد علي الحافي، 2003، اللسانيات الجنائية ودورها في كشف الجريمة، مجلة ابن الخلدون للدراسات والابحاث – المجلد الثالث – العدد الثاني عشر 12.
- نعيمة سعدية، 2016 ، التحليل السيميائي والخطاب، طبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، بغداد.
- هدسون، 1927، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمود عبدالغنى عياد، طبعة أولى، دار الشؤون الثقافية العامة،
- **Alberti, R. and Emmons, M. (2017)** Your Perfect Right: Assertiveness and Equality in Your Life and Relationships. 10th edn. Oakland: Impact Publishers.
- **Chilton, P. (2004)** Politics and Language. London: Routledge.
- **Coulthard, M. and Johnson, A. (2007)** An Introduction to Forensic Linguistics: Language in Evidence. London: Routledge.
- **Fairclough, N. (2015)** Language and Power. 3rd edn. London: Routledge.
- **Gudjonsson, G.H. (2003)** The Psychology of Interrogations and Confessions: A Handbook. Chichester: John Wiley & Sons.
- **Thornborrow, J. (2002)** Power Talk: Language and Interaction in Institutional Settings. London: Longman.
- **Van Dijk, T.A. (2008)** Discourse and Power. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جیاوازی نێوان گوتاری (نوسراو، گوتراو) سەیری (الخطاب في السياقات القانونية: مفهومه وأنماطه ووظائفه:) بكە.
[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندی یاسایی سەیری (سليم مزهود (د.) ، 2021، اللیسانیات القانونية و دور اللغة القانونية بالقضاء، مجلة القانون والتنمية – المجلد 3 – العدد 1 – جوان.) بكە.
[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گوتاری یاسایی و كردەی قسەیی لە گوتاری یاساییدا سەیری (مرتضى جبار كاظم (د.)، 2015، اللیسانیات التداولية في خطاب القانوني قراءة استكشافية التفكير التداولي عند القانونيين –– الطبعة الأولى – دار ومكتبة عدنان – بغداد شارع المتنبي – بناية المكتبة البغدادية.) بكە .
[4] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر كەرەستە زمانیەكان سەیری (پەیوەندیەكانی نێو دەق: قەیس كاكل) بكە.
[5] لە هەندێك باری دیكەشدا كەرەستەی تر بەكاردێت.